

# نامه

سەلام عومەر

خلەی دەللاک لە سەرتاشیندا کارامە بوو، ئەوەی یەک جار سەری لە کن تاشیبا، قەت نەدەچۆوە لای کەسی دی، منیش هەروا بووم، بەڵام جیاوازی من و ئەوانی دی ئەوە بوو هەرکاتێ دەچوومە دوکانەکەی تاسەرەی من دەهات، نووقەم نەدەکرد و هەر خەریکی خوێندنەوەی ئەو گۆڤار و کتێبانە بووم کە لەسەر تەپڵەکەکانی نێوان کورسییەکان دانرابوون، بۆیە لەکاتی سەرچاککردنی مندا، جگە لەوەی بەگەرمی لەگەڵ یەکتری دەدواین، هەندێ نهێنی ژیانی خۆی بۆ دەدرکاندم منیش دەمپاراستن.

ئەو پیاوە هەمیشە کە مشتەری نەبوو، کتێب، یان گۆڤارێکی بەدەستەوە بوو، تا چواری ئێوارەش کاری دەکرد و دواتر ئیدی بەتاقی تەنێ دەچووە نادی، هەندێ ئارەقی دەکڕی و بەرەو باخچەکانی ڕۆخ شار شۆڕدەبۆوە، تارۆژی دواتر و سبەینێیەکی زوو کە دەهات و دوکانەکەی پاک دەکردەوە کەس نەیدەدیتەوە، ئەو باخچانە زۆرینەیان باخچەی سپیندار بوون، کەوتبوونە ڕۆخ ڕووبارێکی بەخوڕ کە لە کوێستانەکانەوە دەهات و شاری دەکردە دوو پارچە، هەمیشە ئەوانەی دەیانخواردەوە، ئێواران ڕوویان لەو شوێنانە دەکرد و سفرەیان دەڕازاندەوە، دواتر و بەر لەوەی تاریک دابێ سەردەکەوتنەوە ناو شار و هەرکەسە و بەرەو ماڵی خۆی دەگەڕایەوە.

مشتەرییەکانی خلەی دەللاکیش، کاتی کارکردنی ئەویان دەزانی، بۆیە نە پرسیاریان لێ دەکرد و نە دوای ئەم کاتەش سەردانیان دەکرد، بەڵام لەناکاو سبەینێیەک تا چێشتەنگاو دوکانەکەی نەکرایەوە و دەنگۆی گیرانی لە بازاڕ بڵاوبووەوە، ئیدی هەرکەسە و بەکەیفی خۆی چیرۆکی دەستگیرکردنی دادەتاشی، تا ئەو شەوەی لە ڕێگەی پۆلیسێکەوە کە ئەویش مشتەری خۆی بوو، زۆر جاران لەکاتی سەرتاشین لەوێم دەدیت و بووبووە برادەری منیش، نامەیەکم بۆ خلە نووسی و ئەویش شەوی دواتر بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە:

(تەمەنم هەر شەش حەوت بەهار دەبوو کە چۆلەکەیەکم کوشت، دەزانم حەزێکی منداڵانە بوو، بەڵام گەشەکردنێکی بەردەوامی گیانی تووڕەیم بوو بەرەو دڕندەبوون، سەرەتایەکی ترسناک بوو بەخۆخافڵاندن و خۆخاراندن بەدیار پەلەقاژەی باڵندەیەکی بچووکەوە).

لە کوشتنی چۆلەکەیەکەوە فێرە خوێن ڕشتن بووم، کە چوومە سەر لاشەکەی هەستم بە سەرکەوتن کرد، ئەو ڕۆژە بۆ من سەرەتای وەرگرتنی لەزەت بوو، چاوەکانم سوور داگەڕان و جیهانم بە سووری دی، پێم وابوو ئیدی ڕاوچییەکی کارامەم و دەتوانم زەوی لە خوێندا نقووم بکەم، گیان لە گیاندارەکان بستێنم، بە کوشتنی چۆلەکەیەک کەڵبەکانم درێژ بوون، موچوڕکەیەکی خۆشی ماسوولکەکانی جیر کردمەوە، ئاراستەی کردم بۆ ڕاوکردنی باڵندەی گەورەتر و دواتر گیانەوەر و کوشتنی ئەوانەی دەبنە ڕێگر لەسەر خاک و ناوچەی ڕاوکردنم، چۆلەکەیەکم کوشت، لەوێوە کەرەستەکانی کوشتنم لە ڕمێکی بەردینەوە کردە تەقینەوەی ئاسنەکان و هەموو دڕندەکانی سەر زەویم جلەو کرد، لاوازەکانم لەتوپەت کردن، ئەوانەش پەڕۆی یاخیبوونیان هەڵکرد وێرانم کردن، کوشتنی چۆلەکەیەک دەروازەی بە دڕندەبوونی بۆ کردمەوە، لە ڕاوکردنی گیانەوەرەوە فێرە کوشتنی مرۆڤی کردم، ئێستا من مرۆڤێکی ڕاوچی کەڵبەدارم و خەریکی ونجڕ ونجڕکردنی ئەوانەم جوانییەکانم لێ دەستێنن و لەنێو حەزەکانی منیشدا جێیان نابێتەوە، لەناویان دەبەم تا ورگم جێگەی زۆرترینی تێدا ببێتەوە.

ئەو ڕۆژە بۆ من سووربوونی زەوی بوو، نا چاوەکانم سوور داگەڕابوون و هەموو دنیام لە خوێندا دەدی، هێندە لە کوشتن ڕاهاتم، بیرم لە سەربڕینی مریشک کردەوە هەر ئەوەندە نا گۆشتەکەشیم خوارد و ئێستا سەربڕینی مەڕ و گوێرەکەیەک و مرۆڤ بۆ من وەک یەکن، دەتوانم نەک شەقام، زەوی سووورداگەڕێنم و ڕۆژوو بە خوێن بشکێنم، دەستنوێژ بەخوێن بشۆم و گرەو لەسەر کاسەی خوێنی هەمووتان بکەم، ئاخر من لە کوشتنی چۆلەکەیەکەوە بوومە خوێنڕێژ، لە حەزێکی منداڵانەوە بوومە سەربڕ، هەر لە خۆمەوە دەخوازم نیشتمان سوورکەم، سوور سوور، چونکە بە کوشتنی چۆلەکەیەک بوومە ئاژەڵێکی کەڵبەدار، ئێستا کەسێ نییە بە قەد من خوێنی خۆش بوێ، چونکە یەکەم چیرۆک و یەکەم حیکایەت کە وەک شەوچەرە بەرگوێم کەوت، زوحاک بوو منیش بوومە کاوە، ئێستا لە زیندان لەنێو خەیاڵە ڕقاوییەکاندا دەژیم، یەکەم کوشتن و یەکەم سەربڕین، ئەو یادەوەرییانەن کە کەرەستەی کاری داهاتوومن و ئاییندەی لەسەر بنیاد دەنێم، بۆیە دەڵێم: ببوورن ئەی چۆلەکەکان ئێستا پێویستیم بە ئێوە نییە، ڕاوچییەکی کارامەم و عاشق بە ڕەنگی خوێن و ڕوحی ئەوانەم جوانییەکانم لێ دەبەن.

دەیان جار ئەو نامەیەم خوێندەوە، دەچوومە نێوان دێڕەکانەوە و پیاسەم بەناو خاڵبەند و وشە توندوتیژەکاندا دەکرد، لەژێر سێبەری ڕستەکاندا پشووم دەدا و لەنهێنی دەسگیرکردنەکەی دەگەڕام، پێم سەیر بوو ئەو لە نووسیندا ئەو توانایییەی هەیە و لە ژیاندا بەرەو بەندیخانە ڕۆیشتووە !

کۆدە نهێنییەکانی ئەم نامەیەم بە ئاسانی بۆ نەدەکرایەوە، بیرم لە نهێنییەکانی ژیانی کردەوە، ئەو عاشق بوو، عەشقی کچێکی دراوسێیان بوو، ڕۆژێک پرسیاری زۆر خواردنەوەم لێ کرد، کەچی هات و زۆر بە وردی باسی عەشقی خۆی و کچەکەی بۆ کردم، ئەو جارێک پێی گوتم:

(بەداخەوە هەر پیاو بێ وەفا نین، هەندێ جار کچیش نایانەوێ لە پێناوی ئەوانیدی دا ماندوو بن، ئاخر دوای چەندان ساڵ خۆشەویستیم لەگەڵ کچێک، کەچی بابی دایە خزمێکی خۆی، ئەو کەسەی کە تەواوی خەڵکی شار تفونەعلەتی دەکەن، ئەویش کوڕی شەوکەتە کوێرەیە، ئەوەی کە سەرسامیشی کردووم، ئەو کچەیە نووقەی نەکرد، تەنانەت پرسە گورگانەشی پێ نەکردم، کە لە ڕێگەوبانێک دەمبینێ هەر وەک قەت نەشیناسیبم، ئاوڕی لێ نەدەدامەوە، ئاخر ئاگای لە ناخی من نەبوو نەیدەزانی چ کوورەیەک چ جەهەندەمێک لە هەناومدا کڵپە دەکا، جا ئیدی نازانم لە ترسان بوو، یان لە بێ وەفایی، ئەو ڕۆژەی ئەوی تێدا گوازرایەوە، بیرم بۆ خۆکوشتن چوو، چوومە نێو شیوەکانی خوار ئاوایی تا بە لەناوبردنی خۆم تۆڵە لەویش بکەمەوە، پێشتر نامەیەکم نووسی، تا دوای مردنم هەموو دنیا بیخوێنێتەوە، تێیدا تەواوی خۆشەویستی چەند ساڵەی خۆم و ئەوم تێدا ڕوون کردبووەوە، هەر بەڕاستی بڕیاری کۆتاییم بوو، بەڵام کە چوومە ناو باخچەکان، دیتم هاوڕێ نزیکەکانم خەریکی خواردنەوەن، بەزۆر دایاننیشاندم و بۆ یەکەم جار پێکێک

ئارەقم خواردەوە لە دڵی خۆمدا گوتم با بەر لە مردنم تامی ئەوەش بکەم، کەچی جەستەم داوای ئیدی دەکرد، بۆیە پێکی دووەم خۆم بۆ خۆمم تێ کرد، ئیدی هەر ئەوەندەم خۆش بوو دەستم کردە گریان و وەک منداڵ هەنسکم دەداو فرمێسکم دەوەراند، بە هەموویان ژێر نەدەبوومەوە، ئەوان ئاگایان لە برژانی من نەبوو، بۆیە یەکێکیان گوتی: ئەگەر نەگریەی دیدەت بۆ دەکڕم.

یەکی دی کەوچکێک مەزەی ڕاگرت و گوتی: ننجەی دەخۆی؟

ئەوی دیش دەیگوت: بف ئەوە کخەی دەخۆی؟

منیش باشم دەناسین و دەمزانی نازانن ناخی من چی تێدایە، بۆیە پێکی سێیەمم هەڵداو هەستم کرد هیچ بەربەست و نهێنییەک لە مێشکمدا نەما، منداڵ بوومەوە، ترس بۆ هەمیشە جێی هێشتووم، بۆیە بۆ وەڵامدانەوەی گاڵتەکانیان ئەوەی لە دڵمدا بوو بەرانبەر خۆشەویستەکەم هەڵمڕشت، تەنها ئەوەندە ئاگام لە خۆ بوو هەرگیز ناوی کچەکەم نەگوت، بەڵام یەک لە برادەرەکانم کە هەم دراوسێ و هەم بەیەکەوە دەمانخوێند، ئەو دەیزانی کوێم دێشێ، بۆیە هەوڵی دەدا لەبیرم باتەوە، بەڵام ئەوانی دی بە پەرۆشەوە بوون تا زیاتر لەبارەی عەشقی منەوە بزانن، دواجار کە نازانم چەندەم پێکم هەڵدا نهێنی هاتنم و خۆکوشتنیشم هەڵدایە سەر مێزەکە و ئیدی هەموان بێدەنگ بوون، بەتایبەت دراوسێکەمان تەواو خۆی لەمن نزیک کردەوە، سفرەکەیان هەڵگرتەوە و بێدەنگ و یەک پرسیاری دیکەیان لێ نەکردم، شەرمەزاری گاڵتەکانی ڕابوردوویان بەڕوخسارەوە دیار بوو، بەڵام هەمیشە دراوسێکەمان لە تەنیشتمەوە بوو، هەستاین تا بڕۆینەوە، ئەمن گێژ بووم و کەوتم، کە بە هۆش خۆم هاتمەوە دیتم لە ناو ڕووباریان هەڵکێشاوم و هەموو لەشم تەڕە، ئاوم بەسەریدا دەکەن و لەچاویشیاندا دیار بوو خەمم لێ دەخۆن، بۆیە هەرگیز جێیان نەهێشتم و دراوسێکەمان هاتە بن هەنگڵم و هەستم کرد باشتر بووم، بەڵام هەر بەولاو ئەو لایاندا دەهاتم، پێم سەیر بوو ئاوام بەسەر هاتووە، ئەوەی پێشتر لە مێشکمدا بوو، بەتاڵ بووبووەوە پێم وابوو ئیدی ژیان لێرەوە دەست پێ دەکات.

خلەی دەللاک درێژەی دایە و گوتی: سەرت نەهێشێنم هەموان بەیەکەوە بەرەو ئاوایی دەگەڕاینەوە، لە ڕێیە زۆریان ئامۆژگاری کردم، دڵنەواییان دەکردم و دەیانگوت: بێ وەفاییەک ئەوە ناهێنێ خۆتی لەسەر بکوژی.

یەکی دی دەیگوت: ئەگەر ئەو کچە بەڕاستی ئەتۆی خۆش ویستبا، دەبوو بەر لە گواستنەوە خۆی کوشتبا.

دەشیانگوت: بەڕاستی خۆشی نەویستووی، دەنا ئەگەر گوشاری ماڵەوەشی لەسەربا، هەق بوو پرسی پێ کردبای.

یەکی دیکەیان کە بەتەمەن لەوان گەورەتر بوو، دیاربوو دەموپلی لە سیاسەتیش وەردەدا گوتی: ناکرێ هەموومان کچەی تاوانبار بکەین، کێ دەڵێ لەژێر گوشارێکی زۆردا نەبووە، ئەوجار ئەوەی شووی پێ کردووە خۆ بەشەر نییە، نەک خەڵکی گەڕەک، کەسوکاریشی لێی بێزارن، ئەمن دڵنیام بۆ ئەوەی ئەو کوڕەی پێ دامەزرێنن کچێکیان کردووەتە قوربانی، قوربانییەک زۆر سەختتر لە خلەی برامان، بۆیە خلەگیان خۆکوشتن چارەسەری هیچ ناکات، بەڵام دەتوانی لێرەوە بیر لە داهاتوویەکی نوێ بکەیەوە، ژیان دوور و درێژە و ڕووداوی سەمەرەتری تێدایە.

جیرانەکەمان گوتی: ئەمن خلەی لە هەموان باشتر دەناسم، ئەو کوڕێکی پاکە، بە ڕاستی خۆشەویستی کردووە، بۆیەش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە، بەڵام چۆن خلەی دەناسم ئاواش خۆشەویستەکەی دەناسم، بەڕاستی ئەو شایەنی ئەو کوڕە نەبوو کە داویانەتێ، هەروەک چۆن تۆش شایەنی خۆکوشتن نیت، ئاخر ئەوەی تۆ بناسێ، دەزانێ کەسێکی پاکی و ئەوەی لەسەر شانت بووە کردووتە، بۆیە لەگەڵ فڕێدانی شووشە بەتاڵەکان تۆش دەبێت بیرکردنەوەکەت فڕێ دەی، ڕووی لە من کرد و گوتی: خلە قەت وام بە بێ هێزی نەدیوی، دەبێت خۆت چاکەیەوە دەنا من چاکت دەکەمەوە.

ئەوکاتەی خلەی دەللاک ئەو چیرۆکەی بۆ دەگێڕامەوە، یەک مشتەری نەبوو، بە ئارەزووی خۆی قسەی دەکرد، منیش زۆر حەزم لە گێڕانەوەی بوو، پێیم نەدەبڕی تا هەرچی زووە تەواوی کات و مشتەری بەسەردا نەیەت، حەزیشم لێ بوو دوای تەواوبوونی قسەی خۆم هەبێت.

خلە دەیگوت: هەستم بە گێژبوون دەکرد، حەزم لێ بوو بنووم قەت خۆم وانەدیبوو، چووبوومە جیهانێکی تایبەتەوە کە پێشتر نەمدیبوو، پێستی سەر و ناومێشکم سڕسڕ بووبوون، ئەوی خەمبێت نەمابوو، لاقم تێک دەئاڵان و ئەگەر ئەوان ئەوەی لەسەر سفرەی باسم کردووە،

بیریان نەهێنابامایەوە ئەمن هیچم لەبیر نەما بوو، وریا مەبەستم کوڕە دراوسێکەمانە ئەمنی بردەوە ماڵی خۆیان، ئەوانی دیش گوتیان زۆر ئاگات لێ بێت، چووین و لەوێ زۆر ئامۆژگاری کردم، نەیهێشت داک و بابیشی بە نهێنییەکەی من بزانن، هەر چەند مەترێک نێوانی ماڵی ئێمەو ئەوان بوو خەبەری ناردە ماڵی مەو پێی گوتبوون ئەم شەو لای من دەبێت، ئەو شەوە خواردنێکی باشی دامێ، ئەمنیش کە تازە خەریک بوو دەهاتمەوە سەرخۆ پێم گوت: باشە ئەو ماستاوە خەمڕەوێنە دەخۆنەوە بۆ تا ئێستا پێم نەزانیوە؟ ئەویش گوتی: ئەگەر بەڵێنی ئەوەم بدەیەی ئەو کچە لەبیر دەکەی و شێتاتییەکەت فڕێ دەدەی، ئەوە هەموو ئێواران دەتبەین، ئەمنیش دەستم لە باخەڵێ ڕاکرد هەتا ئەو نامەیەی نووسیومە بیدڕێنم، کەچی نامەکە لە نێو ئاوێدا کە لە چۆمیان هاویشتبووم توابووەوە، تێم گەیاند کە نامەیەکی ئاوام نووسیبوو، بەڵام ئامۆژگارییەکانی ئێوە، بەتایبەت کە دەبوو ئەو پێش من خۆی کوشتبا، یان کێ دەڵێ لە ژێر گوشارێکی زۆردا نییە، یان هەر هیچ هیچ نەبێت بەرگرییەکی کردبا، کاری تێ کردووم، ئەوجا ئەمن هاتوومەوە سەرخۆم، نامەکەشم نەدەخوێنرایەوە تا پیشانی وریای بدەم، دواتر فڕێمان دا، بەڵێنم پێیدا کە بیر لە خۆکوشتن نەکەمەوە.

خلە کە ئەو چیرۆکەی بۆ من دەگێڕایەوە، جار جار مقەستەکەی توند بە شانەکەی دەستیدا دەدا و لە ئاوێنەکەشدا دەمدیت لە چاویڕا فرمێسک دەهاتنە خوار، تێگەیشتم ئەو بەڕاستی خۆشەویستی کردووە، بۆیە هەمیشە لە بیریدایە.

خلە گوتی: ئەو شەوە لە ماڵی وریای دراوسێمان بووم، ئاخر هێشتا نەبووبوومە وەستای سەرتاشین، هەر هیچم لێ نەدەزانی بۆ سبەینێ هەردووکمان بڕیارمان دا بچینە شارێک تا خۆمان فێری دەللاکی بکەین، ئەوەبوو ماوەی دوو مانگ منی بردە سلێمانی لە دوکانێکی دەللاکی بێ بەرانبەر کارمان کرد و بووینە وەستا، هەر هاتیشینەوە ئەو دوکانەمان بەیەکەوە دانا و وەک دەبینی وەستام، بەڵام ئەوەشم لەبیر نەچێت بەر لەوەی بچینە سلێمانی، ئەو برادەرانە هەموو ئێوارەیەک دەیانبردم و مەستیان دەکردم، هەروابێتەوە وریای دراوسێشمان بۆ خوێندن ڕۆشتە مووسڵ و دوکانەکە بۆ من مایەوە.

سەرم هێشاندی، بەڵام ئەوە وەڵامی پرسیارەکەت بوو، ئێستاش ناتوانم نەخۆمەوە، بە ڕاستییەکەی برادەرەکان باری سەر شانیان سووک کردم و دواتریش کە چووینە سلێمانی تەواو تەواو نا، بەڵام تا ئاستێکی باش ئەو کچەم لەبیر کرد، بەڵام هەر چەند جار کە لێرەو لەوێ بە منداڵەوە دەیبینم، برینم دەکولێنەوەو لێشت ناشارمەوە، هیچ شەوێک نییە بە خەیاڵی ئەو نەنووم، هێشتا هەر خۆشم دەوێت، بەڵام تا ئاستی سووتان نا.

پێدەچوو چیرۆکەکەی تەواو بووبێ، بەڵام بۆ من نا، پشتە ملی تەڕکردم و بەتیغێک گەندە مووەکانی تاشی و خەنافیزی ڕێک کردم، ئەوجا فلچەیەکی نەرمی بە سەر و گوێلاکیدا هێنام و ئەو مووە بڕوانەی مابوون لایبردن، پەڕۆیەکەی تێی وەرپێچابووم لێی کردەوە و گوتی: بڕۆ سەرت بشۆ تا بۆت وشک کەمەوە، ئەمن حەزم لێ نەبوو سەرتاشینەکەم تەواو بێت، بەڵام چارەم نەبوو بە قسەم کرد.

سەرم شووشت و هاتمەوە سەر کورسی سەرتاشین، بەر لەوەی وشککەرەوەکە پێ کات، چونکە دەنگی زۆر ناخۆش بوو، پێم گوت: برادەری زۆر باشت هەبوون، بەڵام بۆچی بیر لە پێکهێنانی خێزان ناکەیەوە؟ تا بۆ هەمیشە ئەو کچە لەبیر کەی؟ وەڵامی نەدامەوە تا بە تەواوی سەری وشک کردمەوە، ئەوجا پیرۆزبایی لێ کردم و لەسەر کورسییەکان دانیشتین، خلەی دەللاک گوتی:

وەڵامی پرسیارەکەت زۆر قورسە، بەڵام دەزانم ئەتۆش وەک من خەریکی خوێندنەوەی، بۆیە پێت دەڵێم، ئەمما تا ڕۆژی خۆی مەیدرکێنە.

خلەی دەللاک گوتی: چەند مانگێک لەمەو پێش مێردەکەی ئەو ژنە بە فێڵی سەرتاشین هاتە لام و دەیویست قسەم لێ دەربێنێ، دیار بوو بۆنی پێوەندی من و ژنەکەی کردبوو، پێی دەگوتم: دەزانم پێوەندیتان هەبووە، بەڵام ئێستا نەتان ماوە، تەنیا ئەوەندەی دەمەوێ بیزانم دەستت بە دەستی کەوتووە؟ منیش خۆم لە گێلی دەدا و هیچم نەدەدرکاند، دەمگوت تەنیا وەک دراوسێیەک سەیرم کردووە و هیچی دی، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی بزانێ پێوەندییەکەمان چۆن بووە، منیش هەرگیز دانم پێدا نەنا و ئەویش دواجار بە تووڕەبوونەوە قسەیەکی لەدەم دەرچوو گوتی: خۆی بۆی باس کردووم! باش دەزانم ئێستاش دڵتان بەیەکەوەیە، هەڕەشەی لێ کردم و ڕۆیشت، منیش لە دڵی خۆمدا زۆر هێنام و بردم

ئاخر ئەو مەلعوونە هەموو ژیانی منی تاڵ کردووە و دواتریش هەڕەشەم لێ دەکات، من جگە لە خۆشەویستییەکی پاک، هیچی دیم نەکردووە، ئاخر ئەو خۆشەویستەکەی منی بردووە، ئەو ژیانی منی کردە دۆزەخ.

سەرت نەیەشێنم هەر لەناو قسەکانی ئەو مەلعوونەدا بۆم دەرکەوت کە ژیانی ژنەکەی کردووەتە جەهەندەم، هەر بۆیە خۆشەویستەکەی جارانم نە سەرهەڵدەبڕێ و نەدەتوانێ سڵاوم بۆ بنێرێ، هەروابێتەوە هەمیشەو هەتا چاوم بەچاوی مێردەکەی بکەوێ، مۆڕەم لێ دەکات، منیش بۆ ئەوەی هیچ ڕوونەدات قسە ناکەم و گوێی نادەمێ، ئەگەرنا ئەو مافی ئەوەی نییە هەڕەشەم لێ بکات و مۆڕەم لێ بکات، ئاخر تێکچوونی ژیانی ژنەکەی، واتە لەباربردنی ژیانی منیش، چونکە دڵنیام لە ژێر گوشاری بابیدا شووی کردووە، بەڵام دەبوو خۆڕاگر بێت و هەموو ژیانی نەخاتە نێو ئەو جەهەندەمەوە کە بۆی دانراوە.

ئەوە وەڵامی پرسیارەکەتە، شکم لە خۆم و دوارۆژی ئەویش هەیە، دەترسم ژن بهێنم و ئەویش بخەمە نێو کێشەیەکەوە کە هیچ پێوەندی بەوەوە نییە، ڕاستییەکەی ناتوانم بە ژنهێنان تۆڵەی لێ بکەمەوە نەبا خەم بخوا.

خلەی دەللاک درێژەی دایەو گوتی: ئێستا وردە وردە خەریکە ئەو خۆشەویستییەم بیر دەچێتەوە، بە تایبەتیش ڕۆژانە خەریکی دوکانەکەمم و ئەگەر مشتەریم نەبێت، دەخوێنمەوە و شەوانەش لەگەڵ ئەو برادەرانە بە مەستی دەچمەوە ماڵێ و دەخەوم، ئاخر ئەگەر کەسێکی دی بهێنمە ناو ژیانی خۆمەوە دەبێت بەڕاستی خۆشم بوێ، بۆیە نامەوێ کەسی دی بە خۆمەوە سەرگەردان کەم، چونکە پێشتر دڵم داوەتە کەسێک و هێشتا وەرم نەگرتووەتەوە، جارێ ژیانم ئاساییە، بەڵام شکم لەو هەتیوەی مێردیەتی زۆر عەبووس دیارە، دەترسم ڕۆژێکی دەستم لەیەخەی گیر بێت.

منیش کە تا ئەوکاتە لەنێو چیرۆکەکەیدا تواببوومەوە پێم گوت: تۆ کوڕێکی کاسبی و خەڵکی خۆشیان دەوێی، جگە لەوەش نە قۆڵی کەست بڕیوە و نە خیانەتیشت لەکەس کردووە، بیر لەو پیاوە عەبووسە مەکەوە و ئەوەش دەزانی کە بەزۆر کچ بەشوودان ئەوە ئەنجامەکەیەتی، هەوڵ دە باشتر ئەو بابەتە لەبیر کەی و سەری خۆتی پێوە نەیەشێنی، دەشتوانی ژیانێکی نوێ لەگەڵ کەسێکی نوێ بدۆزییەوە و ئەوکات بۆ هەمیشە ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی ڕابوردووت دەبنە بیرەوەری، ئەمن لەو قسانەدا بووم مشتەری هات و دوای ئەوەی هەقدەستەکەیم دایە، سەرتاشخانەکەم جێ هێشت.

ئێستا ئەو نامەیەی ئەو لەبەر دەستمدایە، هەرچەند دەیخوێنمەوە زیاتر قسە و گفتوگۆیەکانی ئەو دێنە ناو بیرەوەریمەوە، پێم شک نایە هیچی کردبێ، چونکە نە کچەکەی دراوسێیان تەڵاق دراوە و نە شەڕوشۆڕێکیش لە نێوانیان ڕووی داوە، بۆیە بەندکردنی ئەو دەللاکە بێ هۆ نییە و مەبەستم بوو هەرچی زووە بزانم بۆ لەنێو بەندیخانەیە، بەتایبەتیش لەنێو نامەکەدا باس لە زۆر شت دەکات کە من کۆدەکەیم بۆ نەدەکرایەوە، بەناچاری هەر لە ڕێگەی هەمان پۆلیسەوە نامەیەکی دیم بۆ نارد و تێیدا باسم لەوە کردبوو ئەگەر کەیسەکەت بزانم، دەتوانم هاوکاریت بکەم بۆ ئازاد بوونت، ڕوونیشم کردبووەوە کە لە ناوەرۆکی وەڵامەکەی پێشترت نەگەیشتووم و باشتر بۆم ڕوون بکەوە.

دوای چەند ڕۆژێک ئەم نامەیەم بە دەست گەیشت، جگە لە پیشەکەی خۆم و خوێندنەوە و مەست بوون هیچی دی نازانم، تۆمەتی بەندکردنم سیاسییە کە من لە ژیانم کتێبێکی سیاسیشم نەخوێندووەتەوە، بەڵام...

ئەوانەی جوانییەکانیان لێ بردم، ئەوانەی مەستی ئێوارانیان لێ زەوت کردم و وایان لێ کردم بیر لە خۆکوشتن بکەمەوە، ئەوانەی دڵیان پارچە پارچە کردم و خەوی شەوانیان لێ زڕاندم، ئەوانەی دەستەوەستانیان کردم و هیواکانیان لێ زەوت کردم، ئێستا هەر ئەوان هەڵیاندامە ناو پیاوکوژ و دڕندەکانەوە، دەبێت بزانن کەسێکی دڕندە بەرهەم دەهێنن و دواجار لە کوشتنی چۆلەکەیەکەوە فێرە سەربڕینم دەکەن، گیانی تۆڵەکردنەوە لە ناخمدا دەچێنن، ئاخر هەڵیانداومەتە شوێنێک هەست دەکەم جێی من نییە، خەتایەکیان داوەتە پاڵم کە ئیدی دەبێت بیری لێ بکەمەوە، دەزانی دەیانەوێ خەیاڵە خۆشەکانی ڕابوردووشم لێ بستێنن، هاتوونە ناو هزرمەوە و دەخوازن داگیرم بکەن و بە دەستی ئەوانی دی لەناوم ببەن، ئەمن کە لێرە لە گۆشەگیریدام، ئازادییان لا شیرین کردووم، بۆیە کاتێک لەم تاریکستانە دێمە دەرێ لە کەسەکانی بەندیخانەوە فێری چەقۆ هەڵگرتن و کردنەوەی

بووم، چیرۆکی فیچقەی خوێنی لاملی بێتاوانەکانیان بۆ باس کردووم، هەڵکوتانە سەر و تۆڵەکردنەوەیان لە هەناومدا چاندووە، بۆیە ئیدی کەسێکی دیم، وانەی ترسناکیان فێر کردووم و ناچارم هەر ئەو وانانە بڵێمەوە، پێم وانییە هەرگیز لەو ئازارەی ڕابوردووم و ئەو خەتایە خۆش بم کە ئێستا دەرهەق بە من کراوە، بۆیە ئێستا دووپاتی دەکەمەوە (ببوورن ئەی چۆلەکەکان ئێستا پێویستیم بە ئێوە نییە ڕاوچییەکی کارامەم و عاشق بە ڕەنگی خوێن و ڕوحی ئەوانەم جوانییەکانم لێ دەبەن).

خوێندنەوەی نامەی دووەمی خلەی دەللاک سڕی کردم، تێگەیشتم چ خەتایەکیان بەرانبەر کردووە، هەر بۆیە لەوەش گەیشتم کە ئەو تاوانەی ئەوی پێ ئاخنراوەتە زیندان، زۆر قورسە و کەس ناوێرێ خۆی لێ بە ساحێب بکات، نیگەرانی هەر لای من نا، لای تەوای هاوڕێکانی هەستی پێ دەکرا، هەمیشە لە ڕێگەی پۆلیسەکەی هاوڕێی ئاگاداری بووم، تا ئەوکاتەی کە زیاتر لە سێ مانگی خایاند و گواستبوویانەوە ناو زیندانێکی دوور کە لە تەنیشت بەغدایە و ئەبو غرێبیان پێ دەگوت، ئەوێش واتە حکومدان و مانەوەی بۆ کاتێکی نادیار.

چەند ساڵێک خلەی دەللاک بێ هەواڵ مایەوە، لەو مایەوەشدا خۆشەویستەکەی ڕابوردووی بە خۆی و دوومنداڵەوە تەڵاق درا، مێردەکەشی کە گومانی سیخوڕی لەسەر بوو، واتە بووبووە پیاوی ڕژێمە سەرکووتکەرەکەی ئەو کات، دەمانچەیەکی بەلاقونیدا شۆڕ دەکردەوە، منداڵەکانیشی بردبووەوە لای خۆی و شای بە سەپانی خۆی نەدەزانی.

تا ئەو ڕۆژەی دەسەڵاتی بەغدا بە کونفەیەکونێک گۆڕا و لێبووردنی گشتی دەرکرا، من کە هەر لەبیری خلەی دەللاکدا بووم، ڕۆژێک لە چیاوە نامەیەکی پێچراوەم بەدەست گەیشت تێیدا نووسرابوو:

(دواجار باڵندەکانی قەفەز ئازاد بوون، ئێستا لەسەر لووتکەی چیاکان دەخوێنم و دەتوانم بە ئارەزووی خۆم بچمەوە ناو ئەو خەیاڵانەی لێیان ستاندبووم، بەزۆر کردیانمە سیاسی و ڕقێکی ئەستووریان لە ناخمدا چاند، ڕقێک ڕەقترە لەو تاشەیەی ئێستا لەسەری دانیشتووم، دەمەوێت تۆڵەی خۆم لەو پیاوانەی ڕژێم بکەمەوە کە دەهاتن سەریان پێ چادەکردم و پارەیان نەدەدا، بە زمانی خۆیان جنێویان دەدا و خۆم لە گێلی دەدا، لەوانەی لە کەسێکی بێ گوناحەوە تاوانباریان کردم و دواتر تەمەنی لاویەتی منیان بۆ خۆیان برد، ئەوانەی جوانییەکانیان لێ ستاندم و مۆڕەیان لێ دەکردم، دەرفەتی ئەوەیان نەدام بیر بکەمەوە، زەهریان دەرخواردی خەیاڵەکانم دا و ژیانیان کردمە چیرۆکێکی تراژیدی.

ئێستا باڵندەیەکی ئازادم، لەنێو زینداندا دوو وانەی زۆر گرنگ فێربووم، دوو سروود هەمیشە دەیانڵێمەوە ئەویش خۆشەویستی نیشتمان و ڕقە، من کە ئێستا هەڵگری ئەو دوو وانەیەم لە خۆشەویستیم بۆ نیشتمانەوە خۆشەویستی ئێوەشم بیر کەوتەوە، بۆیە تۆ و هاوڕێیانی زەمەنی مەستیم خۆش دەوێن، بەڵام ڕقیش دەدەمە ئەوانەی لە ئێوەیان دوور خستمەوە، ئەوانەی ژیانیان لێ زەوت و ناشیرین کردم، هەڵیاندامە شوێنێک کە جێگەی من نەبوو، ئێستا بە کۆڵەپشتێکەوە کە جگە لە مقەستی سەرتاشین، کتێبی پارتیزانیشی تێدایە، دەمەوێ دوای ئەوەی فێری سەرتاشین و وەرگرتنی هەقدەست بووم، ئەو هەقانەش وەرگرمەوە کە لێیان بردم، چاوەکانم سوور بوون و دەڵێم: ببوورن ئەی چۆلەکەکان ئێستا پێویستیم بە ئێوە نییە ڕاوچییەکی کارامەم و عاشق بە ڕەنگی خوێن و ڕوحی ئەوانەم جوانییەکانم لێ دەبەن).

جگە لە چەند وشەیەکی نامۆ هیچ کۆدێکی نهێنیم لەم نامەیەدا بەدی نەکرد، ئەو کە ئێستا بەر لێبووردنە گشتییەکە کەوتووە، پێ دەچێت گیانی لێبووردەیی لە زینداندا، جێ هێشتبێ، چونکە ئەو خەتای نەبوو خەتابارکرا لە زیندان پشوویەکی زۆری داوە و بەدوای دۆزینەوەی ئەو حەزانەیە کە لێیان ستاندووە، دەخوازێ تامی ئازادی بکات و خۆی بەتاڵ کاتەوە لەو ڕقەی ڕەگوڕیشەی لە دەمارەکانیدا چێنراوە، هەر بۆیە ئەو نامەیەشم لە تەنیشت نامەکانی دی دانا و پاراستمن، بەڵام هەرگیز خلەی دەللاک لەبەرچاوم بزر نەدەبوو، دەمزانی ڕۆژێک بەدیار دەکەوێتەوە و بە سیمایەکی گۆڕاوەوە یەکتری دەبینین.

* * *

هەرچەند هاوین پیر دەبوو، شەو درێژتر و ڕۆژیش کورتتر دەبۆوە، زۆر نەبوو گەلاوێژ بزووتبوو، پاییز هەڕەشەی خۆی دەکرد و پەڵە هەورە تاریکەکانی پیشان دەدایین، لە گەڵ بای هەورەکاندا پێچوپەنای شەقامەکان

پڕدەبوون لە گەڵای زەرد، نووستنی شەوانەی سەربان خۆش بووبوو، بەیانیان خۆمان لە بەتانییەکان وەردەپێچا و ژنەکانی شاریش خەریکی دایساندنی سەماوەر بوون و شووشە شیر و ماستیان لەو گوندیانە وەردەگرت کە هەموو بەیانییەک بۆ مشتەرییە هەمیشەییەکانیان دەیانهێنا، ئەو بەیانییە پوور حەلیمی دۆستمان کە هەمیشە لە گوندی ژاراوەوە ماستی بۆ شار دەهێنا، لە ماڵی ئێمە مابۆوە، تەواوی ئەو شیر و پەنیر و ماستەی هێنابووی، لە هەیوانەکە دایانابوو و خەریکی خواردنی نانی بەیانی بوو، کە لە پێرپێژە دارەکەوە چوومە خوارێ، ئەو دیمەنە بەلای منەوە نائاسایی بوو، بۆیە بەر لەوەی پرسیار بکەم داکم گوتی: پوورحەلیم ئەورۆ لەماڵمان عاسێ بووە، دەڵێ سیخوڕێکیان لە ناوەندی بازاڕی کوشتووە و هێشتا تەرمەکەی لەوێیە، کەس ناوێرێ بەلایدا بچێ، دوکان نەکراوەتەوە و نانەواخانەکانیش دەرابەکانیان داداوەتەوە، بازاڕ بۆنی خوێنی لێ دێت و کەس لەماڵ ناچێتە دەر، تۆش بیر لە دوکان و موکان مەکەوە.

منیش ڕووم لە پوور حەلیم کرد و گوتم: نازانی کێیە کوژراوە؟ بەر لەوەی وەڵامم بداتەوە یالیرەی دراوسێمان بە ژوورێی داکرد و گوتی براژن نەهێڵی کوڕەکانت بچنە دەرێ، ئەو سەگەی بەلەکی گەنجەکانی شاری دەگرت و خەڵکی بێزار کردبوو، ئەمڕۆ بەیانی بەیەک فیشەکی دەمانچە و هەر لە ناوەڕاستی بازاڕی تۆپاندوویانە، حوکمەت ناوێرێ بێتە ناوشار و کەسوکارەکەشی شەرم دەکەن خۆی لێ بە ساحێب بکەن، کەسیش بێزی نایە دەستی خۆی گلاو بکات و هەڵیگرێتەوە.

منیش ڕووم لە یالیرەی دراوسێمان کرد و گوتم ئەو سیخوڕە کێیە؟

گوتی: سەگەکەی شەوکەتە کوێری، ئەوەی بە سواڵ و سەدەقەی خەڵکی بە خێوی کرد و دواتر بووە توولەو لە بەلەکی خەڵکی ئالا.

یالیرە مەنجەڵێک ماست و دوو شووشە شیری هەڵگرت و ڕۆیی، ئیدی من لە تەواوی ڕووداوەکە گەیشتم و زانیم خلەی دەللاک ئەو کارەی کردووە، بۆیە جگە لە ئاسوودەییەک کە بە مێشکمدا تێپەڕی، تەواوی ناوەرۆکی نامەکانم هاتنەوە بیر و کۆدەکانیشم بۆ کرانەوە.

ڕووداوی ئەم بەیانییە کە هەر چەند کاتژمێرێکی خایاند و دواتر شارەوانی کەلاکەیان هەڵگرتبوو و بردبوویان و شاردبوویانەوە، شار ئاسایی بۆوەو جووڵە کەوتەوە ناو بازاڕ، نە کەسیان گرت و نە وێراشن سە و توولەکانیان بە گەڕەکەکاندا بڵاو بکەنەوە، ئاخر حکومەت بە کوشتنی ئەم سیخوڕەی نیگەران نەبوو، دەیزانی کوردە و خەڵکی ناوشارییە و تەمەنی درێژ نابێ، بەڵام بزەی خستە سەرلێوی هاوشاریان و ترسیشی خستە دڵی ئەوانەی لە حکومەتەوە نزیک بوون.

هێشتا پاییز بوو خەڵکی لە گوندەکانەوە بیشەداریان بە پشتی گوێدرێژ بۆ دەهاتە ماڵەوە و لەسەر یەکیان دادەنا، تا لە زستاندا سەرمایان نەبێ و بێ ئاوری سۆبەی داران نەبن، فەردە گەنمی خەتسوور دەئاخنرایە ژوورە گڵێنەکان و عەمباریان دەکردن، بەڵام هێشتا پێستە پەنیری کۆنە پێستەکان نەگەیشتبوونە بازاڕ، چونکە هەتا چیاکان سپی نەبن و بای کوێستان لەوێوە خۆ بە ناو شاریدا نەکات، ئەو پەنیرە مەیرانە لە کۆنە پێستەکان ناهێننە دەر، ژن لەنێو شاری خەریکی ماڵ ڕاخستنەوە بوون، ئەو ڕستە تەماتە و بامیە و باینجانانەیان کۆدەکردەوە کە هەڵیان خستبوون تا لە زستاندا بەبێ شلەی بامیە قبوڵی سەر بەنێرگز لێ نەنێن، پاییز هەورەکانی نەویتر دەکردن و شەوەکانیشی درێژتر، بۆیە ئێوارەی ئەو ڕۆژانە زوو دەهاتن و لەگەڵ تاریک بوونیشدا پیاوانی چیا خۆیان بە شاریدا دەکرد، لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا کە خەڵکی شار لەنێو هەواڵەکانی جەنگی ئێراق و ئێراندا گوێ قوڵاغ بوون، دەنگی ڕێژنەی گوللەکان کە لە ناوەندی شارەوە دەبیسترا ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی بێدەنگ کرد و هەندێ لە گڵۆپی ماڵەکان کوژێنرانەوە و هەندێکی دی بە پێچەوانەوە ڕووناکیان زیاتر پێ دەکرد، بەتایبەت ئەوانەی کوڕیان لە چیابوو دەرگای ماڵەکانیشیان دەکردەوە و هەر لە پشتی دەرگاوە گوێیان بۆ تەپەی پێی ڕێبواران و دەنگی سەر شەقام هەڵدەخست، جگە لە دەنگە دەنگی هەندێ ژن و منداڵ کە زۆر لە دوورەوە دەبیسترا، هیچی دی ڕووی نەدا و سبەی خەڵکی بەبێ ترس چوونەوە سەر کاری خۆیان، ئەو بەیانییە، یاحەلیمی ماستفرۆش هات و ماست و شیرەکەی بۆ بەجێ هێشتین و ڕۆیی، دیار بوو هیچی نەبیستبوو، بەتایبەتیش ئەو لە گوندەوە دەهات و

دوور بوو لەو ڕووداوانەی لە شار ڕوویان دابوو، منیش دوای نان و چا خواردن بەرەو کارەکەم چوومە دەرێ کە دەرابی دوکانەکەم هەڵدایەوە، نامەیەکی پێچراوە کەوتبوو، هەڵمگرتەوە و بۆنی ڕووداوێکم کرد، کە پێشتر بیرم لێ کردبۆوە، دوای ئەوەی دوکانەکەم ڕێکخست، لە پشت مێزەکەوە نامەکەم کردەوەو تێیدا نووسرابوو:

(پاییز بەڕەنگی زەردەوە جوانە، بە وەرینی گەڵا ناسراوە و هەر لە پاییزیشدا دەکرێ لقە زڕ و ڕزیوەکان ببڕدرێن تا خەڵکی لە سەرمای زستان بپارێزن، من لە سەرەتای پاییز ئەو لقە زڕەم بڕیبەوە کە خەریک بوو منیش وشک کا، هەستم بە ئاسوودەیی کرد و شاریشم لەو سەرمایە قوتار کرد کە بەرۆکی گرتبوون، ڕەنجی پەنجەکانم کە بە سەرتاشین لای هەندێ لقی وشک و برینگ بوو هەر بە پەنجەکانم وەرم گرتەوە، ئەمشەویش با تەزیوەکانی کوێستان ئەمنی لەگەڵ خۆی هێنا و جارێکی دی کوورەی خۆشەویستی لە ناوەندی شاردا گەرمی کردمەوە، لەوکاتەی تۆ دوا نامەی من دەخوێنییەوە من بەناو بزنەڕێیەکانی چیادا دەستم لەناو دەستی ئەو خاتوونەیە کە لێیان دزیم، بردیان و ویستیان بۆ هەمیشە لێم بزرکەن، من کە ئەزموونی ڕۆژگار بە تایبەت ئەو بەندیخانەیەی لاویەتی لێ ستاندم، فێری کردم دەبێت بە دەستی خۆت مافەکانت وەرگریتەوە، بۆیە ئێستا با تەزیوەکانی چیا سڕم ناکەن، لاویەتی خۆم وەرگرتۆتەوە و هیچ ئایدیۆلۆجی و کۆپەڕی سیاسی و خۆشەویستی نەیانتوانی ڕێگر بن لە تۆڵە کردنەوەم و گەڕاندنەوەی ئەو کەسەی کە یەکەم نیگای خۆشەویستی دامێ، ئێستا خۆم لە ڕق بەتاڵ کردۆتەوە، مافی خۆم بە دەستی خۆم وەرگرتەوە، ئەو ڕستەیەم لە خۆمدا تواندەوە کە دەیگوت (ماف دەسەنرێ نادرێ)، بۆیە ئەگەر بۆم بکرێ لەگەڵ ئەوانی دی مافی هەمووان وەردەگرینەوە، چونکە حەزم لێیە هەمووان وەک من ئاسوودەبن، ئیدی لە دوانامە و دێڕمدا بۆ تۆی هاوڕێ دەڵێم: (ببوورن ئەی چۆلەکەکان ئێستا پێویستیم بە ئێوە نییە، ڕاوچییەکی کارامەم و عاشق بە ڕەنگی خوێن و ڕوحی ئەوانەم جوانییەکانم لێ دەبەن).